# بڕیاری«شۆڕای نیگەهبان» لە گەمەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارییدا



لە ڕاست بۆ چەپ, ئەحمەدی نەژاد، قالیباف، ڕەفسنجانی،
کەڕوبی، لاریجانی و ڕەزایی

ئایا بڕیاری«شۆڕای نیگەهبان»، بە ڕەتکردنەوەی «د. موستەفای موعین» ــ بەرچاوترین و گرینگترین نێودێرکراو(کاندید)ی ڕێفۆرمخوازەکان، کە دەیتوانی تارادەیەکی زۆر گەمەی هەڵبژاردنەکانی دەورەی نۆهەمی سەرکۆماریی بە شێویەکی خەڵک پەسند نیشانی بیروڕای گشتیی جیهانی بدا، ڕێگای داوەشان و لەناوچوونی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران خۆش ناکا؟

بە گوێرەی هەواڵی «ئیرنا»، هەواڵنێریی کۆماری ئیسلامی ئێران، «شۆڕای نیگەهبان»، لە دوایین ساتەکانی ڕۆژی یەکشەمۆ ــ یەکی جۆزەردان(22ی مای)، بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیێندراوێک، شیاوبوون(سەلاحییەت)ی شەش کەس لە نێودێرکراوانی نۆهەمین دەورەی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی سەلماندووە و، ئەوانی دیکەی بە ژن و پیاوەوە ڕەتکردووەتەوە. لە نێوان ڕەتکراوەکاندا نێوی چەند کەسایەتی بەرچاوی میللی و مەزهەبی، وەک: «د. مستەفا موعین» وەزیری پێشووی ئاموزشی عالی(فێرکاریی بەرز) و کاندیدی جیبهەی موشارەکەت ــ گەورەترین حیزبی ڕیفۆرمخوازی ئێران، «ئەعزەمی تاڵەقانی» نوێنەری پێشووی پارلمان و کچی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی و، هەروەها «د. ئیبراهیمی یەزدی» سکرتێری نێهزەتی ئازادی دەبیندرێن. نێودێرکراوە سەلماوەکان بریتین لە: مەحموودی ئەحمەدی نەژاد ــ شارەوانی تاران، عەلی لاریجانی ــ بەڕێوەبەری پێشووی رادیۆوتەلەڤیزیۆن، موحسینی ڕەزایی ــ فەرماندەری پێشووی سپای پاسداران، محەمەد باقری قالیباف ــ فەرماندەری پێشووی هێزی ئینتیزامی، ئەکبەری هاشمی ڕەفسنجانی ــ ڕەئیسی مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام، مەهدی کەڕوبی ــ ڕەئیسی دەورەی شەشەمی مەجلیس(پارلمان) و دەبیری ڕوحانییە موباریزەکان.

بەر لەوەی درێژە بە باسەکە بدرێ، پێویستە خاڵێکی زۆر گرینگ دستنیشان بکرێ، ئەویش خۆنووسین و خۆ پاڵاوتنی ژمارەیەکی زۆری ژنان لەم دەورەیەدا بووە. دیارە لەگەڵ ئەوەدا کە بۆ زۆربەی ژنان ڕوون و ئاشکرا بوو کە شیاوبوونیان لە لایەن «شۆڕای نیگەهبان»ەوە ڕەتدەکرێتەوە، بەڵام هەروەک خۆنواندن و خۆدەرخستنێکی سیاسیش بووبێ توانیان سەرنجی بیروڕای گشتیی ناوەوە و دەرەوەی ئێران بۆ لای ئەو دیاردەیە ڕابکێشن کە سەران و ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر قسە و وێژیاگێک کە سەبارەت بە مافی یەکسانیی ژن و پیاو لە ئیسلامدا گوتوویانە و دەیڵێن، پاکی درۆ و دەلەسە و پروپاگەندەیە. بێ لەوەش، ژنان دەبێ تا چوارساڵی دیکە چاوەڕوان بمێننەوە تا بزاندرێ «شۆڕای نیگەهبان» سەبارەت بە شیاوبوونیان لەمەڕ وەرگرتنی پۆستێکی پیاوانەی وەک پلەی وەزیری و سەرکۆماریی، چ بڕیارێک دەردەکا!

هەروەک ئاشکرایە و لە نێوی پاڵێوراوە ددان پێداهێنراوەکان ڕا دەردەکەوێ، هەڵبژاردنەکانی دەورەی نۆهەمی سەرکۆماریی، بەر لەوەی گۆڕەپانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و ئاسایی کۆڕوکۆمەڵانی خەڵک بێ، سەکۆی کێ بەرکێ و ململانێی و ڕیزبەندی سیاسی سەرلەنوێی تاقمە جۆراوجۆرەکانی سەرووی دەسەڵاتە، تا لە سۆنگەیەوە بتوانن یەکلاکەرەوەی ئامانج و بڕیارە سەرەکییەکانی داهاتووی سیاسی ڕێژیم بن.

دیاره، زۆربەی ئەو داروده‌سته و تاقمانەی کە بەتایبەت لە کاتی هەڵبژاردنەکانی دەورەی حەوتەمی پارلماندا، لە ناو جەغزی ڕاستئاژۆیی و بنەڕەتخوازیدا کۆببوونەوە و، توانیبوویان بە سەر ڕەوتی ریفۆرمخوازیدا زاڵ ببن، لەمە بە دوا باشتر وایە نێوی «سێ کوچکەی دەسەڵات» یان لێ بنرێ کە بریتین لە: عەلی خامنەیی، مەهدەوی کەنی و واعیزی تەبەسی.

بە گوێرەی ئەو دەنگۆیانەی لێرەولەوێ دەبیسرێن عەلی خامنەیی کە وەک زۆربەی ڕێبەرە سەرەڕۆیەکانی جیهان(حافز ئەسەد و کوڕەکەی، حەیدەر عەلییێف و کوڕەکەی و..) دەفکری ئەوەدایە مەقامی ڕێبەرایەتی دە بنەماڵەی خۆیدا جێگیر بکا و ئاغا موجتەبای کوڕی بکاتە جێنشینی داهاتووی خۆی، بەشێکی زۆر لە کەسایەتییە پلە بەرزەکانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانی تووشی دڵەڕاوکێ کردووە و، هەر ئەوەش جۆرە کێ بەر کێ و ڕیزبەندییەکی تازەی سیاسی لە ناو سەرجەمی ڕاستئاژۆیەکان(بنەڕەتخوازەکان) هێناوەتە ئاراوە.

بەڵگەش ئەوەیە کە ئەگەر هەموو تاقم و باڵ و لایەنە ڕاستئاژۆیەکان(بنەڕەتخوازەکان)ی سەرووی دسەڵات، خاوەنی هێڵێکی ڕێکوپێک و، پێکەوە تەبا و کۆک بان، هیچکات «شۆڕای نیگەهبان» ناچارنەدەبوو، چوارکەس لە کەسایەتییە نیزامییەکانی ئەو پەڕی ڕاستی سەر بە هۆدەی ڕێبەرایەتی(خامنەیی) و، کەسایەتییەکی نەرمئاژۆی مەسڵەحەتخواز(پراگماتیست) و ریفۆرمخوازێکی خیچپێندراوی بێ خەتەر لە ژێر سەر بگرێ و شیاوبوونیان بسەلمێنێ!

هەڵبەت ئەوەش بگوترێ، کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەر فڕوفێڵێکی وەڕێی بخا و هەرچییەکی بیکا، هەڵبژاردنەکانی ئەو جارەی بە پێچەوانەی جارانی پێشوو، نەتەنیا ئابڕووی ناکڕێتەوە بەڵکە ئەوەندەی هەشیەتی ئەویش بە با دەدا. بۆنموونە، بەشی هەرە زۆری دانیشتووانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە سوننی مەزهەبن و بە گوێرەی قانوونی ئەساسی، مافی خۆ پاڵاوتنیان نییە، ئەگەر کاندیدیکی دڵخوازیشیان نەبێ، ئایا چ هۆیەک بۆ بەشداربوونی خۆیان لەم هەڵبژرادنەدا دەبینن؟! بەتایبەت ئەو جۆرەی زانراوە و گوتراوە ویستووشیانە لە ڕقی ڕاستئاژۆیەکان دەنگ بە دوکتور مستەفای موعین بدەن.

بەڵام، ئەوەیکە کام یەک لەو پاڵێوراوە ددان پێداهێنراوانەی «شۆڕای نیگەهبان»، لە سەر کورسی سەرکۆماریی پاڵدەداتەوە ڕەنگە بۆ خەڵکی ئێران زۆر گرینگ نەبێ، گرینگ ئەوەیە کە ئەگەر تا دوێنی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا، چاوی هیوایان دە ڕەوتی ریفۆرمخوازەکان بریبوو، بڵێی لەوە زیاتر بتوانن لە ئاست سەرچاوەی پێشێلکردنی دیمۆکراسی و کانگەی تیرۆریزم و مەکۆی بەرهەمهێنەری چەکی ئەتۆمیی، درێژە بە ساوەساوی سیاسی بدەن و هیچ نەکەن؟!

جا مەگەر کەسایەتییەکی پراگماتیستی وەک ئەکبەری هاشمی ڕەفسنجانی کە زۆر لەمێژە لە دژی هۆدەی ڕێبەرایەتی (خامنەیی)، دڵی مەهدەوی کەنی و واعیزی تەبەسی بەدەست هێناوە و، شانسی هەڵبژاردنی لە پێنج کەسەکەی دیکە زیاترە، بتوانێ دە هانای ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانەوە بێ و دەگەڵ ئورووپا و ئەمریکاییەکان پێک بێ.. بەم چەشنە نە شیش بسووتێ و نە کەباب!

س. چ هێرش، 23-05-2005